# دەوڵەت و نەتەوە

خانەی هزریی کوردستان

2017

# کوردستان لە بەردەم قەیرانی ناسنامەدا
# (لە ناسنامەی نەتەوەبییەوە بۆ ناسنامەی ناوچەیی)

**پەرویز ڕەحیم قادر،** مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەددین

**خستنەڕووی بابەت:**

قەیران و بارگرژییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا، سەرەڕای بوونی سیمای یاسایی، ئابووری و سیاسی، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەهەند و ڕیشەی ناسنامەییی هەیە. بەم مانایە کە ئەمە تەنیا بینینی ڕواڵەتی کێشەکانە کە پێمان وا بێت هێزە سیاسییەکان لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات، پۆست و سەرچاوەی داهات، کێشە و ناکۆکییان هەیە.

لەم دواییەیش، ئەوەی کە زیاتر بەرجەستە و زەق بوویەوە، پرسی مامەڵەکردنی پارێزگاکان لەگەڵ بەغدا بوو کە کاردانەوەی توند، بەڵام جیاوازی بە دوای خۆیدا هێنا. گەوهەری پرسەکە ئەوەیە کە گەڕانەوە بۆ بەغدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پارێزگاکان لە دەرەوەی چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕاستیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانە، یاخود ئەم داواکارییە هەڵقووڵاوی کێشەیەکی قووڵتر و جددیترە لە نێوان هێزە سیاسییەکان و، بەتایبەت لەناو خودی چۆنیەتیی تێڕوانین بۆ